# ئەو یاداشتانەی بۆ دەریام ئەخوێندنەوە


**کەژاڵ ئیسماعیل**


1
دایکم.. ئای لە دایکم
چەند ترسنۆک بوو!
نەکا باوکم لە گریانم بەئاگابێت
هێندەی ڕائەژاندم بە عاستەم
ئێستاش..
شەکەتی گرێدانی دەسرازەم و
پڕ لەترس و ژانە جەستەم!

2
باوکم..
باوکم یەکەم جار کوشتمی
هەر کە پێناسی کەژاڵێکی مردووی
بە باڵام بڕی
لە گۆڕی ژیان
بە زیندوویی ناشتمی!

3
بۆ ئەوەی بۆ جاری دووەم نەمرم
لەجیاتی کفنی سپی
تارای سووریان پێدادام
کەچی..
لەم گۆڕستانە
جەستەیەکی هەڵوەدام!

4
چەن ئەستەمە
من بەم بچووکییە و
نیفاق بەو گەورەییە
دەستەو یەخە بوەستین!

5
لێم مەپرسن
من بەچی پێئەکەنم

دڵنیام..
ئێوەش هەر بەوە پێئەکەنن!

6
هەرکە موچوڕکی ترسێك
جەستەم ڕائەچڵەکێنێت
قەڵەمێک ئەگرمە دەستم
ڕوخساری گوڵە بەیبوونێک ئەکێشمەوە و
ڕووبەڕووی ڕادەوەستم!

7
پێم پێمەکەنن
چەند ئەترسم
من لە مردن خوایە گیان
مافی خۆمە..
گەر لە مردن یاخی بم و
ترسم هەبێت لە ژیان!

8
حەزم لە شێتییەکە
بەڵام..
هێشتا فەنی شێت بوون فێر نەبووم

9
چەن گەمژە بووم ئەو شەوانەی
کتێبخانەکەم پڕ بوو لە ڕۆمان
کەچی..
وەکو تووتی
گوڵەبەرۆژەم ئەقرتان

10
سەیرم مەکە
من هەمیشە
لە تێڕوانینی قووڵ ئەترسم

11
ئەوەی بەجوانی لە دەستمدا
ئێستا..
بەپیری بەدوایدا ئەگەڕێم!

12

ئاوێنەکەم ووتی:
سوێندت بۆ ئەخۆم
بەچاوی هەردووکمان
دووچاوی کەژاڵت پێوە لکاون

13
ئاوینەکەم ووتی:
جاران قژت لوول و ڕەش بوو
ئێستا گۆڕاوە
گەلێك جوانترە
هەم ڕەنگی سوورە و
هەم زۆریش خاوە!!

14
زۆر دەمێکە..
تژیم لە وشە
بە منالّی لە ترسی گەورەکان
ئەمنووسین و ئەمدڕاندن
کە گەورەبووم
لەترسی پیاوێك
ئەمکردنە گەردنی شیعرێک و
ئەمسووتاندن!
کەچی ئێستا..
وەک ڕستە زەنگییانەی شین
ئەیانهۆنمەوە و لە گەردنمیان
دەئاڵێنم
وەکو ئاشق
لە ئامێزما ئەیانخەوێنم،
بەئارەزوو ماچم ئەکەن و
کەسێک پێم ناڵێت
وازیان لێ بێنم؟

15
نازانم بۆچی هێندە ئاشق بە دەریام
گەر بەمن با
لەسەر شانی شەپۆلێکی ماڵم هەبا و
ڕوانیبام!

16
کە باران ئەبارێت

چەترەکەم هەڵنادەم
پێم خۆشە بە ئارەزوو تەڕم کا
ئەڵێم نەبا..
بەرێکەوت دڵۆپێکی
هەناسەی تۆی تێکەڵ بێت!

17
ئەزانم خۆشت ئەوێم
چون دڵنیام
هێندەی چاوی ماسییەکان
خۆشم ئەوێی

18
زۆر ئەترسم
کاتێک مردن بەرەو ڕووم بێت
توانای هەڵاتنم نەبێت

19
چیدی باسی بەرائەتی منالّی ناکەم
هێندە ناو کتێب و دەفتەرەکانم گەڕابوون
سیخناخەیان کردبووم
لە ڕق!

20
کە گەورە بووم
زانیم بۆچی
تاری سوور ئەدەن بەڕوخساری بووکا!

21
پەنجەرەکەم پێم ئەڵێت:
تۆ نەبوویتایە
دەمێ بوو
تەنهایی کوشتبوومی

22
قەڵەمەکەم پێم ئەڵێت:
چەند بەختیارم
ژنێک بۆ ئەبەد ئاشقم بووە

23

کە نەنکم مرد
ئینجا زانیم..
بۆچی بە دزییەوە
جگەرەی ئەکێشا و
بەدزییەوە ئەچووە حەمام و
بەدزیشەوە دەستنوێژی ئەگرت!؟

24

ئای چەن گێلین..!!
گەر لە پێشبڕکێیەکا
پیتەکانی ناوی خۆمانمان لێبپرسن
ناتوانین.. بیانڵێین
زۆر.. بەخێرا

25

تووڕەم مەکە
تاقەتی کۆکردنەوەی پارچە شووشەم نییەو
حەزیش بەبۆنی
خەستەخانە ناکەم!

26

وەی خوایەگیان..
لەم دونیایە
چۆن بۆتە جەنگەڵستان
هەموو گیاندارێکی دوو شاخ
دوو قاچیان هەیە

27

ئەڵێن نیوەی سوعبەت ڕاستی یە
تکایە..
ئەو سوعبەتەم لەگەڵ مەکە و
پێم مەڵێ:
خۆشم ئەوێی!

28

خۆزگە گوڵە بەیبوون
گوێی ئەبوو
بە دوو پارچە شیعری غەزەل
دڵیم ئەدزی

29

خۆزگە گوڵە بەیبوون
چاوی ئەبوو
بە دوو نیگا و چاو داگرتنێک
شێتم ئەکرد

30

خۆزگە گوڵە بەیبوون
دوو لێوی ئەبوو
تژی ئەبووم لە ماچ!

• • •

هۆڵەندا 2006